# پەیوەندی واتایی نێوان کار و بەشەکانی تری ڕستە

م. ساجدە عبداللە فرهادی

## پەیوەندی واتایی نێوان کار و بەشەکانی تری ڕستە

### پێشەکی

پەیوەندی نێوان بەشەکانی ڕستە یەکێکە لە لایەنەکانی ڕستەسازی و پەیوەندی بە ڕێزمانی بەندێتییەوە هەیە ، واتە هەموو کەرەسەکانی ناو ڕستە پەیوەندیان بەیەکتریەوە هەیە ،ئینجا ئەم پەیوەندیە ڕێزمانی بێت یان واتایی.

ئێمەش لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە لێکۆلینەوەکە بلاّودەکەینەوە بەناونیشانی ( پەیوەندی واتایی نێوان کارو بەشەکانی تری ڕستە ) کە پەیوەندی بە ئاستی واتاوە هەیە، ئاستی واتاش لە چاو ئاستەکانی تری زماندا لەلایەن ڕێزمان نووسانی کوردەوە تا ڕادەیەك لێی نەکۆلدراوەتەوە و بایەخیان پێ نەداوە تا ئەم ساڵانەی دوایی ،چونکە ئەمانە ئاستی واتایان بە ئاستێکی سەرەکی زمان دانەدەنا .(هەرچەندە ئەم ئاستەش وەکو هەموو ئاستەکانی تری زمان ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئەو جیهانە کۆمەلاّیەتی و فیزیکیەی کە تێیدا دەژین ولە لایەکی تریشەوە کاردەکاتە سەر ئاستی ڕستەسازی زمانیش ) [١].

ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆلینەوەیە دەرخستن و دیاری کردنی پەیوەندی نێوان کارو بەشەکانی تری ڕستەیە لە بەر تیشکی ڕێزمانی بەندێتیدا، چونکە بەندێتی لەواتادا بەرپرسە لە ڕێزمانی و ناڕێزمانی هەندێ ڕستەی وەك :

منداڵەکە لە ئەسپەکەی دا .      *منداڵەکە ئەسپەکەی خوارد.

بەردەکە شکا .      * بەردەکە ناڵاندی .

لێرەدا دەبێت گەڕان بەدوای ئەو سیما واتایانە دابێت کە ( بەرد )و( شکان )جووت دەکات.بەلاّم ڕێگا لە( ناڵاندن )و ( بەرد )دەگرێ کەبەیەکەوە بێن.

وەك :      سیمای < +ڕەق > لەگەڵ کاری ( شکان ) دێت

سیمای < +مرۆڤ > لەگەڵ کاری ( ناڵاند ) دێت

لە نووسینی ئەم لێکۆلینەوەیەدا زاری کرمانجی خواروو بەکارهێنراوە و نمونەکانیش بەشێوەیەکی گشتی بریتین لەو ڕستانەی سادەو ساکارن وڕۆژانە بەکاردێن، هەندێ نمونەش لە چیرۆك وبەرهەمە نووسراوەکان وەرگیراون.

لێکۆلینەوەکە جگە لە پێشەکی وئەنجام بریتیە لە دووبەش :

<u>لەبەشی یەکەمدا /</u> بەسەر ئەوکارانەدا چووینەوە کەدەربارەی پۆلێنکردنی ناو دواون، ئینجا لە ڕووی مۆرفۆلۆژی وسینتاکسەوە هەندێ تێبینیمان دەر بارەی پۆلێنەکە نووسیوە.

<u>بەشی دووەمیش /</u> ئەم بابەتانەی گرتۆتە خۆ : پەیوەندی واتایی نێوان بەشەکانی ڕستە، پەیوەندی ئاسۆیی وستوونی ،جۆرەکانی کۆتی هاوسێ یەتی : ١-کۆتی هەلبژاردن   ٢-کۆتی هاورێ یەتی ،

# جۆرەکانی نادروستی واتایی

أ- پێکدادانی واتایی.     ب-درێژە رۆیی واتایی.

هەروەها لە رووی واتاوە پەیوەندی نێوان کارو بەشەکانی تری رستەمان دیاری کردووە وەك:

١- پەیوەندی نێوان کارو بکەر لە رووی واتاوە .

٢- پەیوەندی نێوان کارو بەرکار لە رووی واتاوە.

٣- پەیوەندی نێوان کارو ئاوەڵگوزارە لەرووی واتاوە.

## ١-پێداچوونەوە بەسەر کارەکانی پێشتر

## -٢

ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەهەمووکارەکانی پێشتردا تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە رێزمان نووسەکان هەرلەکۆنەوە بۆ مەبەستی ئاسان کردنی لێکۆڵینەوە و دیاری کردنی جۆرەکانی بەشێوەیەکی جیاجیا باسی بەشەکانی ئاخاوتنیان کردووەو جۆرەکانیان دەست نیشان کردووە وئاویش کەگرنگترین بەشی ئاخاوتنە تا رادەیەك بایەخی پێدراوە ولێی کۆڵدراوەتەوە بەتایبەتی جۆرەکانیان دەست نیشان کردووەو پۆلێنیان کردون ،ئەو پۆلێنە گشتیەی کە پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە بریتیە لەو پۆلێنە باوەی کەلەسەردەمی دێرینەوە بەکارهاتووەو تائێستاش هەرکاری پێ دەکرێت .زۆربەی رێزمان نووسەکان تەنها پێناسەی ناویان کردووە وجۆرەکانیان نووسیوە ،بێ ئەوەی باسی ناوبکەن کە چۆن لە زمان بەکاردێت لەرووی سینتاکسەوە. وەکو ئەوەی ئەرکی بکەر وبەرکار دەبینێت چ جیاوازیەکیان هەیە . هەروەها تێمان ناگەیەنن لە رووی مۆرفۆلۆجیەوە تایبەتییەکانی ئەو جۆرانەی ناو چین چ جیاوازیەکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە لەکاتی بەکارهێنانیان .

## هەندێ لەو رێزمان نووسە کوردانەی کەباسی ناویان کردووە ئەمانەن

- مامۆستا سەعید صدقی کابان لە کتێبی ( مختصر صرف ونحوی کوردی )[١] دابـاسی ناو دەکات دەڵێ : اسم کلمەیێکە دانرابێ بۆ ناوی انسانێ یاحیوانێ یا ناوی شتێ . وەك ( پیرۆت ،وشتر ،کێو) ناویش دابەش دەکاتە سەر دووجۆر :

اسم عام _ وەکو : شاخ ، قوتابی ، قلم ... هتد.

اسم خاص _ وەکو : هومر ، سیروان ، کرکوك ... هتد .

- مامۆستا تۆفیق وەهبی لە کتێبی (دەستوری زمانی کوردی )[٢] دا باسی سینفەکانی ناو دەکات و دەڵێ : ناو دووسینفی هەیە :

١) ناوی تایبەتی ، وەك: ( حەمە، گوێژە ، هەڵە بجە... هتد).

٢) ناوی هەموو ، وەك :( پیاو ،خانوو ،بارەدار ... هتد ).

٣) ناوی مەعنوی ،وەك :( ترس ، تا ، لەرز ، ئازای ....هتد).

٤) ناوی مەسدەر ،وەك :( نووسین ، کرێکاری، هاتن،...هتد ).

٥) ناوی کۆمەڵ ، وەك : لەشکرەکە گەیشتەجێ .

- نوری عەلی ئەمین لە کتێبی ( رێزمانی کوردی )[٣] دا ناوی دابەش کردووە بەسەر پێنج جۆردا :

١-ناوی تایبەتی ، شاسوار ئەچێ بۆ هەورامان .
٢- ناوی گشتی : كوڕ ، شار ، رووبار ...هتد.
٣- ناوی مادی : چەقۆ ، پەنیر ، دەرگا...هتد.
٤- ناوی مەعنەوی : ترس ، جوانی ، ئازای ، گیان...هتد.
٥- ناوی كۆمەڵ : لەشكر ، هۆز ، گەل ...هتد.

• محەمەد ئەمین هەورامی لە كتێبی ( سەرەتایێك لەفیلۆلۆژی زمانی كوردی ) (٤) دا دەڵێ: ناو لە ڕووی ناسیاریەوە دەكرێتە دووبەش :

أ- ناوی ناسراو ، وەك: ئازاد دەچێ بۆ سەرسەنگ .
ب- ناوی ئاسای ، وەك: گەل دەبێ سەركەوێ .

• ئەحمەد حەسەن ئەحمەد لەكتێبی ( ڕێزمانی كوردی ) (٥) سێ جۆرناوی جیاكردۆتەوە

- ناوی تایبەتی : كاوە ، نازەنین ... هتد .
- ناوی بەرناس ( معرفه )
- ناوی گشتی دەكات بەدوو بەش :

أ / ناوی ئەپیو ژەن ( مادی ) : زێ ، ئەستێرە ...هتد.
ب / ناوی شیرۆنی ( مەعنەوی ) : دەنگ، ڕەوشت ...هتد.

• د. نەسرین فەخری و كوردستان موكریانی لەكتێبی ( ڕێزمانی كوردی ) (٦) باسی ناویان كردوە دەڵێن ناو لەڕووی واتاوە سێ جۆرە :

١- ناوی تایبەتی وەك : هەولێر ، كاڵێ ، كوردستان ...هتد.
٢- ناوی گشتی وەك : كیژ ، كوڕ ،مرۆڤ ، شار ...هتد.
٣- ناوی كۆمەڵ وەك : گەل ، كۆمەڵ ، تیرە ...هتد.

- ناو لەڕووی جنسەوەش چوار جۆرە :

١- ناوی بێلایەن
٢- ناوی دوولایەن
٣- ناوی نێر
٤- ناوی مێ

ناو لەڕووی هەبونەوەش دوو جۆریان نوسیوە :

١- ناوی مادی
٢- ناوی گوزارەیی

• ئەوڕەحمانی حاجی مارف لەكتێبی ( ڕێزمانی كوردی ) (٧) دا زۆربەی جۆرەكانی ناوی دەست نیشان كردوە . ناو لەڕووی ناوەرۆكەوە دابەش دەكاتە سەر سێ جۆر :

١- ناوی تایبەتی: گولاڵە .... پەروین
٢- ناوی گشتی : دایك ... كچ .. ژن...
٣- ناوی كۆمەڵ : گەل.. میللەت ... هۆز

-هەروەها لە ڕووی هەبونەوەش دووجۆری لەیەكتر جیاكردۆتەوە :

١- ناوی مادی : كەو... دار ... گوڵ

٢- ناوی مەعنەوی: هۆش .. بڕوا .. خەم .

- ناو لەڕووی جنسەوەش دەكاتە چوار جۆر :

١- ناوی مێ : دایك .. ژن .. كچ .

٢- ناوی نێر : باوك .... پیاو ... برا.

٣- ناوی بێ لایەن : ژوور ... دار

٤- ناوی دوولایەن : كۆتر... مامۆستا... كەو

لەڕاستیدا هەریەك لەم ڕێزمان نووسانەی كەباسی ناویان كردووە و دابەشیان كردوون بەسەر جۆرەكاندا یەك بنەمایان گرتووە بۆ پۆلێنەكە كەئەویش بەندە بەواتاوە، ئینجا هەریەكەیان بە پێی ڕای خۆیان چەندجۆرێكیان لەیەكترجیا كردۆتەوە، بێ ئەوەی تایبەتییەكانیان دەست نیشان بكەن لەڕوی مۆرفۆلۆژی وسیناكسەوە، بۆیە بە پێی ئەو لێكۆڵینەوەیەی ئێمە ئەم جیاكردنەوانە هیچ سودێكی نیە ، چونكە ئەگەر ئێمە سەیرێكی ئەم دابەش كردنانەی ناو بكەین و لەئاستی مۆرفۆلۆژی و سینا كسەوە بەكاریان بهێنین دەتوانین هەریەكەیان لەشوێنی ئەوی تریان بەكاربێنین لەناو ڕستەدا ئەگەر گرنگی بەلایەنی واتایی ڕستەنەدەین. لەڕاستیدا هیچ جیاوازیەكیش نابێت لەنێوانیاندا . وەك لەو نمونانەی خوارەوەوە بۆمان دەردەكەوێت:

## جۆرەكانی ناو لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا

ناو بەهەموو جۆرەكانیەوە دەتوانین بەشێوەیەكی گشتی لەڕووی مۆرفۆلۆژیەوە ئامرازەكانی ناسراو نەناسراو كۆ وەربگرن بەبێ جیاوازی :

| | | |
|---|---|---|
| - ناوی گشتی | ( ئامرازی ناسراو) | بەڵام ئاوەكە تامی سوێر بوو ( داغستانی من ، ل ٤٥ ) |
| | (نەناسراو ) | ئەو وەختە منداڵێك ... هاتبووە دەرەوە (گەلە گورگ ل ٨ ) |
| | (كۆ) | منداڵەكان كەوتنەوە یاری كردن ... ( گەلە گورگ ل ٥٥ ) |
| - ناوی تایبەتی | (ئامرازی ناسراو) | ئازادەكەی من دەیناسم نەخۆشە |
| | (نە ناسراو) | بۆ چی ئەنیسەیەكی لاوازت بۆجێ هێشتم ( خۆر هەلات ل٥٤ ) |
| | (كۆ) | هەموو پەروینەكان خەلات كران |
| - ناوی كۆمەڵ | (ناسراو) | لەشكرەكە گەیشتە جێ |
| | (نە ناسراو) | لە زەمانی زوودا میللەتێك لە ڕۆخی دەریای رەشدا دەژیا ( جەژنانە ل٥٩ ) |
| | (كۆ) | دەنگی ئازادی گەلان رانە پەڕێنێ |
| - ناوی مەعنەوی | ناسراو | بەڵام هێزەكەی من دڕندانەبوو |
| | نەناسراو | هێزێكی دا بە خۆی و باڵەكانی تەكاند |
| | كۆ | لەو دەمەدا هێزەكانی ئێمە لووت بەرزی ئەلەمانەكانی شكاند بوو ( چارەنووسی ئادەمیزاد ل٥٣ ) |

| | | |
|---|---|---|
| - ناوی مێ | ناسراو | ژنەکە لە پڕ کۆچی کرد |
| | نەناسراو | ژنێك دەستی کرد بەگریان |
| | کۆ | ئەوان ژنەکانیان تێ نەگەیاند |
| - ناوی نێر | ناسراو | پیاوەکە لە پڕ خۆی کرد بە ژووردا |
| | نەناسراو | پیاوێکیان کوشت |
| | کۆ | پیاوەکان چوون بۆ هەندەران |
| - ناوی بێ لایەن | ناسراو | هەروا بە هەناسەی ساردەوە گەرامەوە ژوورەکە ودانیشتم |
| | نەناسراو | دارێك لە خۆیەوە وشك بوو ( لە خەوما ل٣٦ ) |
| | کۆ | ژوورەکانیان پاك کردەوە |
| - ناوی دوولایەن | ناسراو | مامۆستاکە بە پەرۆشەوە روانیە قوتابیەکە . |
| | نەناسراو | قوتابیەك نەهاتبووە پۆل . |
| | کۆ | قوتابیەکانیان برد بۆ سەیران . |

لەم نمونوانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە لە رووی مۆرفۆلۆژیەوە هیچ جیاوازیەك لە نێوانیاندا بەرچاو ناکەوێ. بۆیە پێویست بەو دابەش کردنانە ناکات .

## جۆرەکانی ناو لە ئاستی سینتاکس دا

ناو بەهەموو جۆرەکانیەوە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانن ئەرکی بەشەکانی ناو ڕستەببینن وەك بکەر_ بەرکار_ ئاوەلگوزارە هتد وەك لە خوارەوە روون کراوەتەوە :.........

| | | |
|---|---|---|
| - ناوی گشتی | بکەر | ژنان دەست ئەکەن بەگریان .( دوژمنان ل١٩ ) |
| | بەرکار | ئەو وەختی خانووەکەی کڕی . ( شار ل١٠ ) |
| | ئاوەلگوزارە | هەژارەکە پارەی لە پیاوەکە وەرگرت . |
| - ناوی تایبەتی | بکەر | شێرزاد بەترسەوە روانی یە دایکی .(١٠چیرۆك، ل٩٠ ) |
| | بەرکار | سەیرێکی تری شێرکۆی نەخۆشی کرد.( نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ ،ل١٤٩ ) |
| | ئاوەلگوزارە | شێرکۆ کتێبی لە ئازاد وەرگرت . |
| - ناوی کۆمەڵ | بکەر | لەشکرەکە گەیشتەجێ .( دەستوری زمانی کوردی ) |
| | بەرکار | سەربازەکان لەشکرەکەیان لە ناوبرد. |
| | ئاوەلگوزارە | پیاوی دلسۆز سودی بۆ میللەت هەیە. |
| - ناوی بەرجەستە( مادی ) | بکەر | گۆڤارەکان بێ خاوەن لەسەر مێزەکە مابوونەوە.( پێنج تابلۆی شێواو ل١٤٠ ) |
| | بەرکار | دارەکەی لە ئاوەکە دەرهێنا.( نیو هەنگاو دوورلەدۆزەخ ل٧١ ) |
| | ئاوەلگوزارە | ئەم خانووە لەبەرد دروست کراوە . |

جۆرەکانی تری ناویش هەربەم شێوەیە دەتوانن لە ناو ڕستەدا ئەرك ببینن.

هەروەکو لەسەرەوەدا ئاماژەمان بۆکرد کەئەم پۆلێن کردنانەی ناو لای ڕێزمان نووسەکان هیچ جیاوازیەکمان بۆ دیاری ناکات نەلە ئاستی مۆرفۆلۆژی ونەلەئاستی سینتاکس دا بۆیەش دەڵێین ئەم دوو ئاستە ، چونکە مۆرفۆلۆژی بەشێکە لە سینتاکس بەڵام ئەو کێلگەیەی ئیشی تێدا دەکرێت یەکە یەکە جیاوازە واتەسینتاکس لەگەورەوە شیدەکرێتەوە بۆ بەشی بچووکتر ،بەڵام مۆرفۆلۆژی بە پێچەوانەوە کەواتە مۆرفۆلۆژی بەشێکە لە سینتاکس کردەی هاوبەش لەنێوان هەردووکیان ئەمانەن[٨] :

١- هەڵبژاردنی کەرەسە.

٢- لێکدان یان ریزکردنی کەرەسەکان.

٣- ئەو گۆڕانانەی بەهۆی ریزکردنەوە دەبێت.

وەك : بەرد کتێبەکەی فڕاند.

ئەم نموونەیەی سەرەوە ڕستەیە لەبەر ئەوەی هەندێ یاسای پیادە کردووە ، بەڵام لەرووی واتاوە هیچ گونجانێك نیە لەنێوان بکەر و بەرکار و کاردا .

بۆیە ئێمە دەمانەوێ پۆلینێکی نوێ تر دروست بکەین بە پێی بەکار هێنانیان لە ناو ڕستەدا بە تایبەتی لە بەشەکانی ئاخاوتن دا ( ناو )کە ئەرکی زۆربەی بەشەکانی ڕستەدەگێرن و پەیوەندیان بەکارەوە هەیە ،چونکە هەرکارە وەکو بەشێکی سەربەخۆی ناو ڕستەبە پێی تواناو سروشتی خۆی بەشەکانی تری ناو ڕستەهەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتردا بگونجێن لە رووی واتاوە بە هۆی چەند سیمایەکەوە . وەك ڕستەی پێشوو کە بکەر ( بێ گیانە ) نابێت ئیشێکی وەك ( فڕاندن ) بخەینە پاڵی کەواتە ئەوەش هەڵبژاردنی سینتاکسیە لەم هەڵبژاردنەشدا تووشی ئەوەدەبین کە ( ناو ) بکەین بەچەند بەشێکەوە بۆئەوەی لەگەڵ کاردا رێك بکەون.

لێرەدا پۆلێن دروست دەبێت وەك بکەر_ بەرکار_ ناوەڵگوزارە . دەبێت چەند سیمایەکیان هەبێت .

دۆزینەوەی پۆلەکان بە پێی دابەش کردنی سۆسێرکەلێك دانەوەو ریزکردنی دابەش کردبووە سەر دووبەش، ستوونی و ئاسۆی وەك :

- بەردەکە ڕۆیشت .

ئەم ڕستەیە لەرووی پەیوەندی ئاسۆییەوە تەواوە و لە ڕوی پەیوەندی ستوونییەو. تەواونیە .

- بەردەکە شکا .

- شەوێ هات .

- شار هات .

لە پەیوەندی ئاسۆییدا نا توانین پۆل جیا بکەینەوە بەڵکو ئەتوانین دەری بخەین چ وشەیەك ئەتوانێ لەگەڵ دراوسێکانیا بڕوات یان نەڕوات.

ئینجا ئەگەر رستەکەشمان ڕێزمانی دەرچوو بەڵام بە قۆناغی سێیەم دا نەڕوات. واتە ڕستەکە واتای نەبێت ئەوا بە زمان دانانرێت.

# ٢-پەیوەندی واتایی نێوان بەشەكانی ڕستە

دوو جۆر پەیوەندی واتایی لە نێوان بەشەكانی ڕستەدا هەیە :

(١) پەیوەندی واتای ئاسۆیی (٢) پەیوەندی واتای ستوونی.

## (١) پەیوەندی واتایی ئاسۆیی

بریتیە لەو پەیوەندییەی كە لە نێوان وشەكانی رستەیەكدا دروست دەبێت ووشەكانی لە سەر یەك هێڵ دەبینرێن هەریەكەیان كاریگەری لە وشەكەی پێش یان دوای خۆی دەكات. یان ((بریتیە لە پەیوەندی سینتاكسی نێوان وشەكان و دەركەوتن و گونجانیان لە گەڵ یەكتردا لە ناو چوار چێوەی رستەدا بە شێوەیەكی ئاسۆی، واتا كام وشە لەگەڵ كام وشەدا دەچنە پاڵ یەكەوە))[٩].

بۆ نموونە :

- منداڵەكە بە قاچی چەپ لە تۆپەكەی هەڵدا.

پەیوەندی نێوان (منال وقاچ وچەپ لە تۆپەكە......) پەیوەندی یەكی ئاسۆیی‌یە ئەو پەیوەندیە لە سەر یەك هێڵ دەبینرێن.

كاری (تێ هەڵدان) كارێكی تێپەڕە پێویستی بە بكەر و بەركار هەیە.

بە پێی جۆری كارەكە دەبێ بكەر (زیندوو) بێ وەك (سەگ، مەڕ، مرۆڤ) هەروەها بەركاریش دەبێ شتێك بێ بجووڵێ.

(چەپ) بۆ روونكردنەوەی (قاچ) هاتووە ،چونكە دەزانرێ تۆپ بە قاچ لێ دەدرێ. بوونی قاچ بۆ تێ هەڵدانی هێناوە.

گرنگی پەیوەندی ئاسۆی لەوەدایە كە ڕستەی (دروست و نا دروست) دروست دەكات دروستی واتایی لە دووبار دادێتە ئاراوە[١٠].

كاتێك لێكدانەكان لە رووی رێزمانەوە دروست بن وەك:

- كاتێ كە هاتیت پێت دەڵێم
- كاتێ هاتیت پێت دەڵێم
- كە هاتیت پێت دەڵێم

ئەم ڕستانەی سەرەوە لە رووی رێزمانەوە دروستن ،

كاتێك لێكدانەكان لە رووی واتاوە دروست بن وەك:

- ئەو پیاوە هات. ڕستەیەكی تەواوە.

*ئەو نانە هات. لە ڕوی واتاوە دروست نیە.

بۆ ئەوەی ڕستە دروست بێ دەبێ لە ڕووی رێزمان و واتاوە تەواو بێت وەك:

- منداڵەكە بەردێكی تێ گرتم.

- ڕستەی دروست: ئەو ڕستەیە كە كەرەسەكان لە ناو خۆیاندا رێكن واتە ئەم دوومەرجەی تێدایە (رێزمانی ڕستە) + (پەسەندی واتا) وەك ڕستەی سەرەوە.

- ڕستەی نا دروست: ئەو ڕستەیەیە كە كەرەسەكان لە نێوان خۆیاندا، نەگونجاو و ناڵەبارن وەك:

بەردەكە نانەكەی خوارد.

سەرهەڵدانی نادروستی واتایی دەگەڕێتەوە بۆ بەزاندنی ئەو كۆتانەی كە كەرەسەیەكی ڕستەبەسەر كەرەسەیەكی تردا دەیسە پێنی. (كۆتی هاوسێیەتی یان كۆتی پێكەوەهاتن) لەم رووەوە كەرەسەكانی ڕستەدەبن بە دوو جۆر:

١. هەڵبژێر ٢. هەڵبژێراو

هەلبژێر (كارە) و هەلبژێراو (بەشەكانی تری ڕستەیە وەك بكەر بەركار ئاوەڵگوزارە...هتد ). وەك:

کورسیەکە گوێی لە دەرگاکە بوو.

(گوێ لێ بوون ) کارەکەیە ( هەڵبژێرە ) ، ( کورسیەکە، دەرگاکە ) بەشەکانی تری ڕستەن ( هەلبژێراون ). نادروستی واتایی لە ڕستەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆتانەی کە کارەکە لە بکەر و بەرکاردا دەیەوێ نەهاتوونەتە دی یان ڕەچاو نەکراون.

چونکە ( گوێ لێ بوون ) دەبێ بکەرێك هەلبژێرێ کە گیاندار بێ ( مرۆڤ ). بەرکارەکەش دەبێ ( دەنگ )بێ یان سەرچاوەی دەنگ بێ.

دوو جۆرکۆتی هاوسێیەتی لە ئارادایە :

أ- کۆتی هەلبژاردن          ب- کۆتی هاورێیەتی.

کۆتی هەڵبژاردن ئەو کۆتەیە کە لە خودی واتای وشەکانەوە دروست دەبێت وەك:

✳ کورسیەکەم کوشت   – لەم بارەدا هەلبژاردن بە دەست ( کارە )ە.

✳ وشەکانم بێ تاقەت بوون.

✳ لاشەکەی کوشت .

نادروستی ئەم ڕستانەی سەرەوە هەموویان لە بەزاندنی کۆتی هەلبژاردنەوە سەری هەڵداوە. چونکە بەرکاری کاری ( کوشت ) دەبێ ( + گیاندار ) بێ. هەروەها ( بێ تاقەتی ) لەگەڵ ( گیاندار ) دێت.

کۆتی هاورێیەتی پەیوەندی بەواتای وشەکانەوە نیە ، واتە دەرەکیە نەك ناوەکی بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە :

✳ پەنیرەکە هەڵبزرکا.

✳ مامۆستاکە کرێ کەی وەرگرت.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا نادروستی واتایی بە هۆی بەزاندنی کۆتی هاورێیەتیەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەم جۆرە لادانە لادانێکی کەمترە و بەگۆرینی وشەیەك بۆ هاوواتایەکی یان وشەیەکی نزیك واتای ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی دروست وەك:

شیرەکە هەڵبزرکا .

مامۆستاکە مانگانەی وەرگرت.

بەڵام هەندێ جار تەم و مژی واتایی زۆر لە ڕستەکە کۆ دەبێتەوە و بە ئاسانی کۆتی هەلبژاردن و کۆتی هاورێ یەتی لە یەکتری جیا ناکرێنەوە. وەك:

✳ ئاردەکە پەنگی خواردەوە.

## (جۆرەکانی نادروستی واتایی)

لە پەیوەندی ئاسۆییدا دوو جۆر نا دروستی واتایی دروست دەبێ[11].

١. پێکدادانی واتایی یان نەگونجانی واتایی وەك لە ڕستەی :

- سەگەکە بەردێکی تێ گرتم.

واتاکانی دژبە یەك دەوەستن

٢. درێژە ڕۆیی واتای بریتیە لە دووبارە کردنەوەی واتا وەك:

- کارەساتێکی ناخۆش .
- گوێ بیستی هەواڵەکان بووم .

پێکدادانی واتایی لە چەند پلەیەکی جیاواز دا دەبینرێ:

١. پلەی ناتەبایی: کەمترین پلەی پێکدادانە واتایەکە لە هەلبژاردنی بە هەڵەی وشەی هاو واتاوە دێت، وەك:

✳ سەگەکە مرد (تۆپی)

✳ ئاوەکەی خوارد (خواردەوە)

٢. دژە ڕۆیی: پێکدادانی واتای گەورەیە. لە نێوان بەهاو بۆچوندا. لێکدانـەوە و تێگەیشتنی بـە شـێوەیەکی ئاسـان روونـادات وەك:

✳ لاوێکی پیر

✳ درۆیەکی شاخدار

✳ پیرێکی گەنج

٣. پلەی نەگونجان: بەرزترین پلەی پێکدادانە. لێکدانەوەی بەئاسانی ناکرێت. لێکدانەوە کە مـەرج نیـە لای هـەموو کەسێك یەك بێت، لوتکەی داهێنانە وەك:

✳ رۆژنامەیەکی خەوتوو

✳ پیاوێکی رق ئەستوور

✳ تەماشایەکی پەرت

## (٢ .) پەیوەندی واتایی ستونی

ئەو پەیوەندیەیە کە لەنێوان کەرەسەیەکی ڕستەکە لەگەڵ کەرەسەیەکی تر کە لە ناو زمانەکەدا دەتوانن شوێنی ئـەو وشەیە بگرتەوە لە رستەدا. واتە( بریتیە لە پەیوەندی مۆرفۆلوجـی نێـوان وشـەکان و گـۆڕینـی وشـەیەك بـە وشـەیەکی تـر لـە هەمان بیئەدا لە سەربـاری ستونی - بێ ئەوەی کار لە ڕستەکە بکات و واتاکەی بشێوێنی.. )[12] وەك.

منداڵەکە پارەکەی برد.. پەیوەندی ستونی لە ژێر دەسەلاتی پەیوەندی ئاسۆیی دایە.

-کوڕەکە کتێبەکەی وەرگرت

-پیاوەکە دارەکەی دزی

-ئازاد سێوەکە خوارد

پەیوەندی ستونی سوودی زۆرە وشەکانمان بۆ پۆلێن دەکات وەك (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ...هتـد) ،هـەروەها هـەموو جـۆرە پەیوەندیەکان بۆ دروست دەکات وەك (هاو واتایی، دژواتایی، گرتنەوە، جیاوازی...هتد) .

# پەیوەندی واتایی نێوان کارو بەشەکانی تری ڕستە

هەروەکو ئاشکرایە بە پێی ڕێزمانی بەندێتی ڕستەلە پلەیکی قووچەکی (هەرەمی) پەیوەندی بەندێتیەوە [١٣] دروست دەبێ لە ڕێزمانی وا دا لە ڕستەیەکدا تەنیا یەك کەرەسە سەربەخۆ یەو کەرەسەکانی تری ڕستەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەندن بەمەوە، واتە هەموو کەرەسەکانی تری ناو ڕستەکە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە، ئنجا لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندی واتای نێوان ئەم بەشانەی ڕستەدەخەینە ڕوو کە پەیوەندی نێوان کار و بەشەکانی تری ڕستەیە وەك بکەر – بەرکار– ئاوەلگوزارە...هتد.

## (١) پەیوەندی واتایی نێوان کار و بکەر

لە ڕاستیدا ئەو بەشانەی ڕستەی لێ پێك دێت وەك بکەر و بەرکار ئاوەلگوزارە... هەر بەشە لە ناو ڕستەدا یەك لە دوای یەك بە هۆی چەند یاسایەکەوە لە یەکتر دەدرێن و پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە. ئەم پەیوەندییەی کەلەم بەشەدا بە شێوەیەکی گشتی باسی لێوە دەکەین پەیوەندی بەواتاوە هەیە. واتە چۆن ئەم بەشانەی ناو ڕستەلە ڕووی واتاوە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە. لە هەموو بەشەکانیش بە هێزتر لە ناو ڕستەدا کارە، لە بەرئەوەی کار بەشێکی سەرەکی ڕستەیە و دەورێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی ڕستەدا و هیچ ڕستەیەکیش بێ کار دروست نابێ هەموو بەشەکانی تری ناو ڕستە پەیوەندیان بە کارەوە هەیە، لێرەدا ئێمە دەمانەوێت بە هۆی چەند سیمایەکەوە ئەو بەشانەی ناو ڕستەدیاری بکەین کە کارەکە بە پێی سروشتی خۆی هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی لە ڕوی واتاوە لە گەڵیدا بگونجێت، چونکە ئەگەر ڕستەواتای نەبێت بە زمان دانانرێت.

ئاشکرایە بکەر لەناو ڕستەدا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە کارەوە هەیە. ئێمەش ئەم خاڵە لەڕووی واتاوە روون دەکەینەوە، چونکە (بکەر بریتیە لەو بەشەی کە بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەرەتای ڕستەو کارباسێکی لە بارەوە رادەگەیەنێت)[١٤] بەزۆریش ناو ئەو ئەرکە دەبینێ وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێت :

- کەتاریکی داهات منالەکان گەرانەوە .

(بکەر) ناو <+کات> شەو داهات

بەیانی داهات

ئێوارە داهات

<+کات > داهات .

لەم ڕستانەی سەرەوەدا کاری (داهات ) بکەرێك هەڵدەبژێرێت کە ناوی کات بێت ناتوانێت ناوێکی تر هەلبژێرێت چونکە ڕستەکە واتای نابێت .وەك ✳کەژوورەکە داهات .

لەم ڕستەیەدا (ژوورەکە ) ەش ناوە بەلاّم لەگەڵ کارەکەدا ناگونجێت . لەبەرئەوە کاری (داهات )ئەبێ ناوێك هەڵبژێرێت سیمای <+کات > تێدا بێت.

(بکەر) ناو <+ڕەق > دارەکە شکا ✳ئاوەکە شکا

پەنجەرەکە درزی برد ✳ئاوەکە درزی برد......... هتد

دەرگاکە لێك ترازا

شوشەکە شەقی برد

لەم رستانەش دا کارەکە بکەرێك هەڵدەبژێرێت کە سیمای <+ڕەق > تێدا بێت بۆ ئەوەی لە ڕوی واتاوە لەگەڵیدا بگونجێت .

( بکەر) ناو( +شل ) + کاری ( ڕژا ، خواردەوە ، هەڵچوو ، فرکرد... هتد ).

- دۆیەکە ڕژا
- ئاوەکەی خواردەوە    * گۆشتەکەم خواردەوە
- شیرەکە هەڵچوو    * نانەکە ڕژا

چایەکەی فرکرد

( بکەر) ناو <+بێ گیان> + کاری ( درزبردن ، سەوزبوون ، ڕزین ، ڕوخان ...هتد

خانووەکە ڕوخا    * منداڵەکە ڕوخا

دیوارەکە ڕوخا

( بکەر) ناو <+عاقل > +سوێندی خوارد ، قسەی کرد ، گریا ، ئامۆژگاری کرد...هتد

پیاوەکە سوێندی خوارد    . * مەڕەکە سوێندی خوارد

منداڵەکە قسەی کرد.    * بەردەکە قسەی کرد

دایکەکە ئامۆژگاری کرد.

( بکەر) ناو <+گیاندار> + کاری ( خنکا ، هات ، نووست ، ڕۆیشت...هتد )

پیاوەکە خنکا    * بەردەکە خنکا

منالەکە نووست    * دارەکە نووست

پشیلەکە هاتە ژوورەوە    * خانووەکە هات

لێرەدا ئێمە چەند جۆرێك لە ناومان دەست نیشان کردوە بە پێی گونجانیان لەگەڵ کارەکەدا . وە بە پێی ئەو سیمایانەی کە تێیاندایە :

ناوی<+کات >   شەو ، ئێوارە ، تاریکی...هتد

ناو <+شل >   ئاو ، شیر ، دۆ ...هتد

ناو <+ڕەق >   دار ، پەنجەرە ، شووشە ... هتد

ناو <+بێ گیان >   خانوو ، ژوور ، دیوار ...هتد

ناو <+عاقل >   پیاو ، ژن ، کوڕ... هتد

ناو <+گیاندار>   پشیلە ، برا ، پیاو ، کەروێشك........هتد

## ١- پەیوەندی واتایی نێوان کارو بەرکار

بەرکار وەکو بەشێکی ڕستەبریتیە لەو وشەیەی کە دەکەوێتە بەر کاریگەری کارەوە .ئەم بەشەش تەنها کاری تێپەر دەتوانێ هەلیبژێرێ ، چونکە کاری تێنە پەڕ پێویستی بە بەرکارنیە[١٥] .ئینجا لە ناو ڕستەدا ئەو بەشە وەکو بکەر پەیوەندی بەکاری ڕستەکەوە هەیە ئەویش پەیوەندی واتای یە واتە هەموو وشەیەك ناتوانێ ببێتە بەرکار ئەگەر لە رووی واتاوە لەگەل کارەکەدا نەگونجێ ، چونکە ئەگەر بکەرو بەرکار وکار پەیوەندی واتایی لەنێوانیاندا نەبێت ئەوا ڕستەکەش واتای نابێت هەرچەندە ڕستەرێزمانیش بێت، چونکە ڕستەی بێ واتا بەڕستەدانانرێت .
وەك لەم رستانەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێت.

ئازاد نانەکەی خوارد .
بکەر بەرکار کار

ناتوانین بلێین ( ئازاد شێرەکەی خوارد )، چونکە پەیوەندی واتایی لەنێوان بەشەکاندا نیە .یان بلێین ( نانەکە ئازادی خوارد ).
لێرەدا کارەکە بکەرو بەرکار وەردەگرێت دەبێت کارەکە ئەو بەشانە هەلبژێرێت کە بگونجێت لەگەل خۆی دا واتە دەبێ کاری ( خوارد )بکەرێك هەلبژێرێت سیمای <+گیاندار> بێت وبەرکارەکەش سیمای <+خواردنی> تێدابێت یان وەك

پیاوەکە منداڵەکەی ترساند.
بکەر بەرکار کار
<+گیاندار> <+ترسان >

پیاوەکە شەوە زەنگی ترساند
بکەر بەرکار کار
<+گیاندار> <+بێ‌گیان >

دزەکە پیاوەکەی کوشت
بکەر بەرکار کار
<+زیندو > <+گیاندار >

*دارەکە بەردەکەی کوشت
<+زیندوو> <+بێ‌گیان >

جوتیارەکە زەویەکەی کێلا

<+زیندوو> <+گیاندار> كار

جوتیارەكە منداڵەكەی كێڵا
<+گیاندار> <+گیاندار>

ئەوان باخچەكەیان وێران كرد
<+گیاندار> <+شوێن>

ئەوان دارەكەیان وێران كرد
<+گیاندار> <+بێ گیان>

ئەوان وانەكانیان خوێندەوە
<+عاقل> <+زانست> نووسی

پشیلەكە وانەكانی خوێندەوە
<+غیرعاقل> <+زانست>

## پەیوەندی واتایی نێوان كار و ئاوەڵگوزارە

ئاوەڵگوزارە وەكو بەشێكی ناسەرەكی ڕستەئەو وشەیەیەكە شوێن یان هۆ یان كاتی ڕوودانی كارەكە دەست نیشان دەكات. ئەو بەشەش پەیوەندی بەكارەوە هەیە. ئەمەشیان وەكو بەشەكانی تری ڕستەدەبێت لە گەڵ كارەكەدا بگونجێت بە تایبەتی لە ڕوی واتاوە بۆ ئەوەی ڕستەكە واتایەك بەدەستەوەبدات. واتە هەر وشەیەك ئەگەر ئەركی ئاوەڵگوزارەی گێڕا ناتوانێت لەگەڵ هەموو كارێك دا بەكار بهێنرێت، چونكە تەنها كارەكە ئەتوانێت ئەم بەشە هەلبژێرێت بۆ ئەوەی لە گەلیدا بگونجێت. واتە لەم بەشەدا كاتی كارەكەش دەوری هەیە لە هەلبژاردنی ئاوەڵگوزارە.

وەك: بەیانی قوتابیەكان چوون بۆ سەیران

✳ پار قوتابیەكان دەچن بۆ سەیران.

من خێرا باوەڕم كرد . | ✳ من خێرا باوەڕم دەكرد.
ئێمە بە هەولێر دا تێپەرین. | ✳ ئێمە لە هەولێر دا تێپەرین
✳ كە تۆ هاتی من باوەڕم كرد. | ئێستا كتێبەكانم دەفرۆشم .
✳ كە تۆ هاتی من باوەڕم دەكرد. | ✳ ئێستا كتێبەكانم فرۆشتبوو.
✳ من خێرا تێ دەگەیشتم .

- هەموو ڕۆژێ دەچم بۆ قوتابخانە .

✳ هەموو ڕۆژێ چووم بۆ قوتابخانە .

* هەفتەی رابردوو دەخوێنم .

- هەفتەی رابردوو خوێندم .

* دوێنێ دەچم بۆ قوتابخانە .

*ساڵێکی تر وانەکانم خوێندبوو .

## ئەنجام

## ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند ئەنجامێکی بەدەستەوە داوە کە ئەمانەی خوارەوەن

١. بە پێی بۆ چوونی رێزمانی بەندێتی کەرەسە نیە لە رستەدا لە بۆشاییدا بمێنێتەوە و پەیوەندی بە کەرەسەی تری ناو رستەوە نەبێت.واتە هەموو کەرەسەکانی ناورستە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە ئنجا ئەم پەیوەندیەش واتاییە یان رێزمانی.

٢. لە رێگەی بەندێتی واتاوە پۆلینکردنێکی تازەی ناو بە پێی توانای بەندکردنی کارەوە لە زمانی کوردیدا دەست نیشان کراوە.

٣. کار بەشێکی سەرەکی رستەیە و هیچ رستەیەکیش بێ کار دروست نابێ و هەموو بەشەکانی تری رستەراستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەندن بەکارەوە، چونکە کار بە پێی توانا و سروشتی خۆی کەرەسەکانی تر هەڵدەبژێرێت وەك: بکەر- بەرکار- ناوەڵگوزارە – واتە کەرەسەکانی رستەدەبن بەدووجۆر:

(١) هەڵبژێر (کار) هەڵبژێرا و (بکەر- بەرکار- ناوەڵگوزارە...هتد)

٤. ئەو پۆلینە دێرینەی ناو کە لەلایەن رێزمان نووسانی کوردەوە کراوە. بە پێی ئەم لێکولینەوەیە هیچ سودێکی نیە.. چونکە لە رووی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیەوە هیچ جیاوازیەك بەدی ناکرێ واتە دەتوانین هەریەك لەم جورە تاوانە لە شوێنی ئەوی تریان بەکار بهێنین. ئەگەر گرنگی بە لایەنی واتا نەدەین لە ناو رستەدا.

٥. دوو جۆر پەیوەندی واتای لە نێوان بەشەکانی رستەدا هەیە. پەیوەندی ئاسۆی و ستوونی – لە پەیوەندی ئاسۆیدا دوو جۆر نا دروستی واتایی دروست دەبێ

١- پێکدادانی واتایی ٢- درێژە رۆیی واتایی.

## العلاقة الدالية بين الفعل والأركان الأخرى في الجملة

تعد العلاقة الرابطة بين أركان الجملة أحد الجوانب الأساسية في البناء التركيبي للجملة، وهذه العلاقة وثيقة الصلة بالنحو الترابطي، بمعنى آخر أن جميع عناصر الجملة مترابطة ببعضها بعلاقات متعددة سواء أكانت علاقات نحوية أم دلالية، واستناداً الى هذه الرؤية نبحث في هذا الموضوع الموسوم بـ( العلاقة الدالية بين الفعل والأركان الأخرى في الجملة ) الذي يمت بصلة وطيدة بالمستوى الدلالي، ولم يبحث اللغويون الكورد في المستوى الدلالي كما بحثوا في المستويات اللغوية الأخرى إلا في السنوات الاخيرة، لأنهم لايعدون المستوى الدلالي مستوى جوهرياً في مستويات اللغة، ( مع أن هذا المستوى يؤثر كبقية المستويات اللغوية تأثيراً مباشراً في الوسط الاجتماعي والفيزياوي الذي نعيش فيه، كما يؤثر في المستوى التركيبي للغة )[١٦].

ويهدف هـذا البحث إلى بيـان العلاقـة الرابطـة بـين الفعـل و العنـاصر الأخـرى في الجملـة وتحديدهـا في ضـوء النحـو الترابطي، إذ ، ان الترابط الدلالي يتكفل مسؤولية تحديد المستوى الصوابي و يميزه من المستوى غير الصوابي للجمل ، كما يتضح ذلك فيما يأتي:

- ضَرَبَ الطفلُ الحصانَ. * أكلَ الطفلُ الحصانَ.
- إنكسَرَ الحجرُ. * أنَّ(تأوه) الحجر

فيستدعي فهم هاتين الجملتين الى بحث عن السمة الدلاليـة الـتي تربـط مـابين (الحجـر) و ( الانكسـار) و يمنـع قيـام علاقة ترابطية بين (الأنين أو التأوه) و (الحجر)، ويمكن بيان ذلك بهذه المعادلة:

<+صلب>+انكسار

<+انسان>+انين او تأوه

وقد تم اختيار اللهجة الوسطى في دراسة نماذج هذا البحث التي تمتاز بالبسـاطة والسـهولة ممـا يـدور في مخاطبـات الناس اليومية ومحادثاتهم، وبعض منها مقتبس من القصص والكتابات الأدبية.

ويتألف البحث من مبحثين مع مقدمة وخاتمة.

ففي المبحث الاول: تمت مراجعة الدراسات التي اجريت بشأن تصنيف الاسم وأبدينا وجهات نظرنا تجاه هذا التصنيـف من الناحية المورفولوجيةوالتركيبية.

ويتضمن المبحث الثاني الموضوعات الآتية:-

١. العلاقة الدلالية بين أجزاء الجملة.
٢. العلاقة الركتية(الافقية )و الاستبدالية(العمودية).
٣. القيود الجوارية الدلالية وهما:
   أ. قيد الاختيار.
   ب. قيد التوافق والتكافؤ.
٤. انماط عدم الصحة او الاستقامة الدلالية:-
   أ. التضارب الدلالي.
   ب. الاطالة الدلالية.

فضلاً عن ذلك تم كشف العلاقة الرابطة بين الفعل والعناصر ألاخرى في الجملة من الوجهة الدلالية مثل:

١. العلاقة بين الفعل والفاعل.
٢. العلاقة بين الفعل والمفعول به.
٣. العلاقة بين الفعل والظرف.

## پەراوێز

(١) زمانەوانی ،ل٥١.

(٢) سەعید صدقی کابان، ل٨.

(٣) توفیق وەهبی، ل٣١.

(٤) نوری عەلی ئەمین ،ل٢٠

(٥ ) محەمەد ئەمین هەورامانی ١٤٢

(٦ ) ئەحمەد حسن ئەحمەد ل٨٧

( ٧ ) د. نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی ل٣٧

( ٨ ) ئەورەحمانی حاجی مارف ل٩٤

( ٩ ) موحازەرەکانی خوێندنی باڵا ماجستێر -١٩٩٣

( ١٠ ) طالب حسین علي ل٣٣

( ١١ ) محازەرەکانی خوێندنی باڵا دکتۆر محمد معروف فتاح ،٢٠٠٠.

( ١٢ ) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

( ١٣ ) طالب حسین علی، ل٣٣.

( ١٤ ) ساجدە عبدالله ،١٩٩٥.

( ١٥ )بکەر وەك بەشێکی سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردی دا، ل٨.

( ١٦ ) هەرچەندە لەم دواییانەدا هەندێ لە ڕێزمان نوسەکان باوەڕیان وایە کە کاری تێنە پەڕیش دەتوانێ بەرکار وەربگرێ، کە بەو کارە دەڵێن تێنە پەڕی بەرکاری وەك: دارەکە سووتا .

( ١٧ ) زمانەوانی ، ل ٥١.

## سەرچاوەکان


١- أحمد حسن أحمد / ڕێزمانی کوردی / بەغدا ١٩٧٦م چ١.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف / ڕێزمانی کوردی / مۆرفۆلۆژی (ناو) / بەغدا ١٩٧٩.

٣- تۆفیق وەهبی / دەستوری زمانی کوردی چ١ / بەغدا ١٩٢٩.

٤- ساجدە عبدالله فرهادی / ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی، نامەی ماجستێر، ١٩٩٥.

٥- سەعید صدقی کابان / مختصر صرف و نحوی کوردی / بەغدا ١٩٢٨.

٦- گالب حسین علی / هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، ١٩٩٨.

٧- محەمەد ئەمین هەورامانی / سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی / بەغدا ١٩٧٤.

٨- محەمەد معروف فتاح / زمانەوانی ١٩٨٧.

٩- محەمەد معروف فتاح / محازەرەکانی خوێندنی باڵا، ماجستیر ١٩٩٣.

١٠- محەمەد معروف فتاح / محازەرەکانی خوێندنی باڵا، دکتۆرا ٢٠٠٠ .

١١- د. نەسرین فەخری وکوردستانی موکریانی / ڕێزمانی کوردی - جامعە صلاح الدین ١٩٨٢.

١٢- یوسف شریف سعید / دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر، نامەی ماجستێر ، ١٩٩٠.


## سەرچاوەکان بە عەربی


١- ثالمر - عام الدلالة - بغداد ١٩٨٥

٢- جون لاتیز - علم الدلالة السلوکي ١٩

# *Intrasentential Semantic Relations*

***There is no denying that the relationships between the verb and the other elements of the sentence determine its grammaticality or acceptability. These relations can be either semantic or syntactic in nature. This paper is concerned with the semantic ties which link together the various elements of a sentence, with-in the framework of the dependency theory, which holds that the verb is the 'center' or the 'selector' that imposes its own features upon the 'selected', be it the subject, object or modifiers, and adjuncts.***

***The data on which the study is based are from Central Kurdish. They are naturally occurring utterances or sentences from literary books.***

***The paper comprises two sections a part from an introduction and some concluding remarks. The first section is a critical study of the previous works in Kurdish that are related to the topic. The second section includes the following sub- heads: the paradigmatic and syntagmatic semantic relations, collocational constraints, selectional restrictions, semantic abnormality and types of semantic abnormality: semantic clash and semantic redundancy.***